# شەرەنگێزو دەستوەشێن لە بەرامبەر قوتابیاندا و ترسنۆك و ریسوا لە بەردەم مارێنـــزدا .....!

عرفان كريم  ئەلمانیا

15.01.05

هێرشی چەتەكانی ئاسایشی سەر بە ( ی.ن.ك) بۆ سەر خۆپیشاندانی قوتابیان لەشاری سلێمانی لە08.01.05 وتەقەكردن لە قوتابیان وسەركوتكردنیان كە تەنها چەند داواكاری یەكی سادە و سەرەتاییان هەبوو وەكو نەبوونی ئاو كارەبا لە بەشە ناوخۆی یەكاندا بۆ جارێكی تر دیمەنێكی تری  هەقارەت و دژایەتی ئەم تاقمە مافیایەی لەگەل مافە سەرەتای یەكانی خەلكی كوردستاندا نیشان دایەوە ,جارێكی تر دەستدرێژی یەكی تر و تاوانێكی تر و بەدكار یەكی تر بۆ سەر مەلەفی ئەم كۆنە بەعسی یانەی كوردستان زیادی كرد .

رەفتاری  دڕندانەی ئەم دەستەو تاقمە كۆنە پەرستە لەبەرامبەر خۆپیشاندانە جەماوەری یەكاندا درێژەی هەمان رەفتاری دەزگای ئیستخبارات و ئەمنی رژێمی بەعسە , ئەمانە دەیانەوێ بە ئاشكرا بەخەلكی كوردستان  بلێن بەعس نامرێ و زیندوە و ئێمە میراتەكەیمان هەلگرتۆتەوە  گوللە بارانكردنی قوتابیان و دەستریژكردن بەسەریاندا پەیامێكی رۆشنی دەزگای زانیاری و ئاسایشەكەی یەكێتی یە بۆ بەرز راگرتنی كولتوری بەعس لەكوردستاندا .                    هاوكات كە دەبینرێ ئەمانە چۆن ترسنۆكانە لە بەرامبەر تاوانی بۆردومانكردنی بەشی ناوخۆیی قوتابیانی زانكۆ لە هەولێر لەلایەن فرۆكە ئەمریكایەكانەوە هیچ كاردانەوەیەكیان نی یەو  زۆر رەزیلانەو زەلیلانە چاوەروانی (روونكردنەوە) دەكەن لە هێزە سەربازیەكانی ئەمریكاو , هەمان دەستەو تاقمی ئاسایش كە لەهەولێر پەلاماری خەلكی دەدەن لەگەل هەر خۆپیشاندان ونارەزایەتیەكی جەماوەریدا وسەركوتی دەكەن , وە هەمان جۆر لە ئاسایش كە ئەمەیان سەر بە (پ.د.ك)ە لەكاتی هێرشی هێزەكانی ئەمریكا زۆر بێ شەرمانە بەخەلكی دەلێن (كاكە ئێمەش ناوێرین نزیكیان بینەوە )  ئەو كات دەردەكەوێ كەئەمانە چەندە ترسنۆك و ریسوان لە راستی دا, ئەم دوو هەلوێست ورەفتارە جیاوازە  بەرۆشنی نیشانی دەدات كە ئەم دوو دەستەو تاقمە چەندە  سەرشۆر و لەرزۆكن لەبەرامبەر هێزێكی چەكداردا و لەهەمان كاتدا چەندە دڕندەو شەرەنگێزن لەبەرامبەر جەماوەر و خەلكی بێ دیفاعدا .

ئەم رەفتارانە دووپاتی ئەو راستی یە دەكاتەوە كە ئەم دوو هێزە كۆنە پەرستە دارو دەستەیەكی موشەخۆر و تالانكەرن و هیچ نزیكایەتی یەكیان لەگەل جەماوەر و خەلكی كوردستاندا نی یە و بەهیچ شێوەیەك ئەمانە ناتوانن دوارۆژێكی ئاسودە و بەختەوەر بۆ خەلكی كوردستان دابین بكەن , بە پێچەوانەوە ئەمانە مەترسی یەكی گەورەن بۆ سەر خەلكی كوردستان و لەگەل مانەوەی حاكمیەتی هەر رۆژێكی ئەمانەدا هێندەی تر دەستدرێژی و تالانی درێژەی دەبێ .